# دیلانێکەی داپیرە

سارە محەمەد عەلی ( ١٦ ) ساڵ
وێنە : غەمگین فەتاح



کە پشوی هاوین هات، نازدار لەگەڵ دایک و باوکیدا چوونە لادێ بۆ لای داپیرە. نازدار داپیرەی زۆر خۆشدەویست، بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەساو یارمەتی دەدا.



ڕۆژێك نازدار زۆر حەز بە دیلانێ دەکات، بە داپیرە دەڵێت: داپیرە گیان، گوریستان هەیە؟
داپیرە دەڵێت: بەڵێ هەمانە، بۆچیتە؟
نازدار: تۆ بمدەرێ، دوایی پێت دەڵێم!



داپیرە گوریسێکی دەداتێ و پێی دەڵێ: بەڵام دیلانێی پێ نەکەیت، نەپچڕێ! نازدار گوریسەکە وەردەگرێ و نەچێ دوور لەماڵی داپیرە، هەڵیدەداتە سەر دارێك و دیلانێیەکی پێ دروست دەکات.



داپیرە بەرێکەوت نازدار دەبینێ بە سواری دیلانێکەوە، خێرا بەرەوپیری دەچێت و هاواری لێدەکات، بەڵام پێش ئەوەی فریا بکەوێ گوریسەکە دەپچڕێ و نازدار قاچی بریندار دەبێ.